کۆبین

# شەرەم شێخ و یەکپارچەیی عێراق

فەرهاد محەمەد



✿ جەختکردنەوە لەسەر یەکپارچەیی عێراق، خاڵی نەگۆڕ و داواکاری حازربەدەستی سەرجەم ئەو کۆبوونەوە و کۆنگرە نێودەوڵەتی و ئەقلیمیانەیە کە دەوڵەتانی هاوسێی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی تێیدا بەشدار دەبن، لە کۆنگرەی یەکدوو رۆژی رابردووی شەرەم شێخیشدا ئەم خاڵە جارێکی دیکە جەختی لەسەرکرایەوە.. هەر بۆیە دەکرێت لەهەمبەر ئەم خاڵە کە بەردەوام پێی لەسەر دادەگیرێت بپرسین، ئایا یەکپارچەیی عێراق هەڕەشەی لەسەرە؟ ئەگەر مەترسی هەڵوەشانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێک لە ئارادایە هۆکارەکانی چین؟

دیارە لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، دەکرێت مەفهومی یەکپارچەیی عێراق لە روانگەی فەرهەنگی سیاسی دوای ٢٠٠٣/٤/٩ شرۆڤە بکەین و، راشکاوانە و گراهام فۆلەر گوتەنی بە هەموو لایەک بڵێین ئەگەر مەبەست لە یەکپارچەیی عێراق ئەو یەکپارچەییە بێت کە ماوەی ٨٠ ساڵ زیاتر بە زەبری ئاگر و ئاسن هێڵرابۆوە، ئەوا ئەو یەکپارچەییە بووە بەشێک لە مێژووی رابردووی پێش ٢٠٠٣/٤/٩ و لە دوای ئەم مێژووەوە، حکومەتی کاتی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی و دراوسێش ئەگەر بیشیانەوێت ئەو واقیعە بسەپێننەوە، بۆیان نالوێت و پێداگرتنیش لەسەر ئەم چەمکە تەقلیدیە خۆی لە خۆیدا یەکپارچەیی عێراق دەخاتە مەترسییەوە و هیچ دووریش نییە وەک یوگسلاڤیای پێشان لە فەرهەنگی سیاسیدا دەوڵەتێک نەمێنێتەوە کە ناوی عێراق بێت.

بەڵام ئەگەر بە واقیعی دوای ٢٠٠٣/٤/٩ هەموو لایەک مامەڵە لەگەڵ چەمکی یەکپارچەیی عێراق بکەن، ئەوا هەموو لایەک بەشێکی زۆری ئامانجەکانیان دێتە دی و ئەو کارەساتە دووبارە نابێتەوە کە میلۆسۆڤیچ بە رێگەی سندوقی دەنگدان یوگسلاڤیای کردە بەشێک لە مێژووی رابردوو، خۆیشی بووە میوانی بەندیخانەی تاوانەکانی جەنگ.

ئەوانەی بڕوایان بەوە هەیە کە نابێ چیدیکە لە عێراقدا هیچ کەسێک مافەکانی پێشێل بکرێت، مەترسی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی عێراق نابینن، چونکە داڕشتنەوەی ناسنامەی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە نەک هەر عێراق بە یەکپارچەیی دەهێڵێتەوە، بەڵکو سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی عێراق دەبێتە بناخە بۆ بیرکردنەوە لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، هیچ دوور نییە بێتە هاندەرێک بۆ دامەزراندنی فیدراسیۆنێکی بەرفراوانی ئەقلیمی یان فراوانتر لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی ناوچەکە وەک فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا ئارەزوومەندانە دەستبەرداری سەروەرییە تەقلیدییەکەی ئێستای دەوڵەتەکانیان بن، بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی ئەو فیدراسیۆنە، هەروەک چۆن تورکیا ئێستا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا.

ئەم هیوایەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، هەنگاوێکی مەحاڵ نییە، بەڵکو ئەم هەنگاوە پێویستی بەوە هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئەقلیمی و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی واقیعی دوای رووخانی رژێمی عێراق قبوڵ بکەن، لەسەروو هەموویانەوە پێگەو دۆسیی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکان و دەبێ هەموو لایەک بزانن تەنیا بەو بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان کە فیدرالیزمی بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ عێراقدا پەسەندکردووە، یەکپارچەیی عێراق دەپارێزرێت و، جارێکی دیکەش کورد ئەو عێراقە بە وڵاتی خۆی نازانێت کە بەدیدێکی سەنترالیانە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت، یان دەوڵەتانی هاوسێ و عەرەبی لەسەر حسابی مافی بەرژەوەندییەکانی میللەتی کوردستان داکۆکی لە چەمکی یەکپارچەیی تەقلیدی بکەن کە لە فەرهەنگی سیاسیی عێراقی نوێدا بوونی نەماوە.■